# هۆکاره کانی بڵاوبونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە لە بواری مادده هۆشبەرەکانەوەلە هەرێمی کوردستان

**واحده حمەویس نصرالله[1]، ئارام ئەسعەد عبدالرحیم[2]**

[1,2] بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان ،زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: wahida.wais@univsul.edu.iq

## پوختە

دیاردەی بەکارهینان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە، لە پاڵ تیرۆر و شەڕ وبرسیەتیدا، یەکێك لە قەیرانە گەورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، دیاردەی گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە لە هەموو وڵاتاندا تەشەنەی کردووە کە هەرێمی کوردستانیش لەم دیاردە جیهانییە بێبەش نییە، بە تایبەتی گەنجان و لاوان بە ڕێژەیەکی زۆر ئالودە مادده هۆشبەرەکان بوون کە ئەمەش زەنگی مەترسیدارە لە سەر داهاتووی کومەڵگای کوردی و تیکچوونی شیرازی خێزان، بە پشت بەستن بە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی، وردەکلتور، گروپی هاوتەمەنان، هەڵسوکەوتی خێزانی، بێ بەشکردنی ڕێژەیی، کات بەتاڵەکان کە پەیوەندی بەهۆکارە کانی بڵاوبونەوە مادە هۆشبەرکانەوە هەیە لە نێو گەنجاندا.ئەم توێژینەوەیەکی لە جۆری وەسفی شیکاری چونایەتیە. وەک چۆن ئالوودەبوون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و تێگەیشتووە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری شێوازی چاوپێکەوتن بەکارهاتووە و چاوپێکەوتن لەگەڵ (١٣)کەسی شارەزا لە بواری مادده هۆشبەرەکانەوە لە (٣) کەسی پزیشکی دەروونی (٦) توێژەی کۆمەلایەتی(٢) بەرپرسی ڕێکخراوی مادەهۆشبەرەکان و(١) داواکاری گشتی(١) بەرپرسی بەرێوەبەرایەتی مادەهۆشبەرەکان لە هەریمی کوردستان ئەنجامدراوە. بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی داتاکان، شیکاری ناوەڕۆکی لە چاوپێکەوتنەکاندا بەکارهێنراوە. بو کوکردنەوەی دەقی چاوپێکەوتنەکان، پۆلێنکردنی داتاکان بە شێوەیەک کە بابەتی دووبارەبووەکان و هاوشێوەکان لابرێن بابەت سەرەکیەکان دادەنرین ولە ئەنجامەی شیکردنەوە زانیارییەکان بەم دەرئەنجامانەگەیشتین: هۆکارە کانی بڵاوبونەوە مادە هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا بریتتیە لە هۆکاری کۆمەلایەتی و خێزانی ، سیاسی و ئابوری ، تاک کەسی و دەروونی، لاوازی جێبەجێ نەکردنی یاساکان کە وایە کردوو مادە هۆشبەرەکان ڕۆژ بە ڕۆژ رو لە زیادبوون بکات.

**وشە کلیلیەکان :** گەنج ، مادده هۆشبەرەکان ، ئالودە بوون ، ئالودە بوو

## ملخص

تعد ظاهرة تعاطي المخدرات والاتجار بها ، إلى جانب الإرهاب والحرب والجوع ، من الأزمات الكبرى في المجتمع البشري. وأصبح الشباب على وجه الخصوص مدمنين على المخدرات، الأمر الذي يشكل إنذارا خطيرا على مستقبل المجتمع الكردي وتدهور الانسجام الأسري،وهذا بناء على نظرية التعلم الاجتماعي ، الثقافة الفرعية، مجموعات الأقران ، السلوك الأسري ، الحرمان النسبي و نظرية الوقت الفراغ، ذوي علافة بأسباب انتشار المخدرات بين الشباب. وهذا البحث هو بحث وصفي تحليلي كيفي، حيث تم من خلاله دراسة الإدمان على المخدرات وفهمه بأعتباره ظاهرة اجتماعية. تم استخدام أسلوب المقابلة لجمع المعلومات وأجريت المقابلات مع (١٣)خبيرا في مجال المخدرات، من بينهم (٣)أطباء نفسيين و (٦) أخصائيين إجتماعيين و(٢)من مسؤولي منظمة المخدرات ومدعي عام ورئيس مديرية المخدرات في إقليم كوردستان. ولتفسير البيانات وتحليلها ، تم استخدام طريقة تحليل المحتوى النوعي من لجمع نصوص المقابلات ، وتصنيف البيانات بطريقة إزالة العناصر المكررة والمتشابهة.وأظهر البحث بأن من أسباب انتشار المخدرات بين الشباب:هي أسباب إجتماعية، عائلية، سياسية، إقتصادية، شخصية، ونفسية ، وهذا بالاضافة الى ضعف القانون، وغيرها، مما يجعل تعاطي المخدرات يزداد يوما بعد يوم.

**كلمات مفتاحية:** شباب ، مخدرات ، إدمان ، مدمن



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10452 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٢/٨/٢٠ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٢/١٠/٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٣/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | wahida.wais@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٣ پ.ی.د. واحده حمەویس نصرالله، ئارام ئەسعەد عبدالرحیم، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The phenomenon of drug use and trafficking, along with terrorism, war and hunger, is one of the major crises of human society. Especially young people have become addicted to drugs, which is a dangerous alarm for the future of Kurdish society and the deterioration of family harmony. Based on social learning theory, microculture, peer groups, family behavior, relative deprivation, leisure time related to the causes of drug prevalence among youth. This is descriptive-explanatory research using qualitative and phenomenological methods. As addiction has been studied and understood as a social phenomenon. The interview technique was used to collect information and interviews were conducted with (13)experts in the field of drugs, including (3)psychiatrists, (6)social work-ers,(2)heads of drug organizations, (1) prosecutor and (1) head of the drug directorate in the Kurdi-stan Region. To interpret and analyze the data, qualitative content analysis method was used by col-lecting the text of the interviews, classifying the data in such a way that duplicate and similar items are removed. The reasons for the spread of drugs among young people include social, fam-ily, polit-ical, economic, personal and psychological, weakness of the law, etc., which makes drugs increase day by day.


**Keywords:** Youth, Drugs, Addiction, Addicted

## پێشەکی :

دیاردەی ئالودە بوون وەك دیاردەیەکی پرمەترسی گەورەیە، کێشەی زۆری دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەرهەم هێناوە بە ڕادەیەك کە مادده هۆشبەرەکان پەلاماری زیندوترین و چالاکترین توێژی کۆمەڵگا دەدەن کە توێژی گەنجانن، کە هەر لە سەرەتاوە، ئومێد و خواستەکانیان زیندە بەچاڵ دەکەن و لە کەناری نائومێدی و ڕەشبینیان نزیك دەخاتەوە، کەسی ئالودە بوو لە ڕاوچیەوە دەکەنە نێچیری خۆیان.

ماددەی هۆشبەر سەرجەم ئەو کۆمەڵە ماددانە دەگرتەوە کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژەهراوی بوونی کۆئەندامی دەمار، بە کارهێنان و چاندن و دروستکردنیان قەدەغەیە تەنها بۆ ئەو مەبەستانە نەبێت کە یاسا دیاری کردوون کە بۆ چارەسەرکردن بەکاردەهێنرین لە لایەن کەسانی پسپۆرو شارەزا بە پێی یاسای ژمارە (٦٨) لە یاسای سزادانی عیراقی ساڵی( ١٩٦٢) لێپێچینەوەی یاسایی لە سەر دەکرێت.وە هەموارکراوەی پەرلەمانی کوردستانی عێراق. ( Kurdistan-parliament 2020)

ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەکانەوە یەکێکە لە دیاردە قیزەونەکانی کۆمەڵگان، کەبە ڕێژەیەکی زۆر گەنجان پێوەی دەناڵێنن و هەرێمی کوردستانیش بە دەر نییە لەو مەترسیەی کە بە پێ ی ئەو ئامارانەی کە لەم ساڵانەی دوایدا تۆمار کراون وەئەگەربە شێوەیەکی مەیدانی سەردانی گرتووخانەکان بکەین دەبینین ڕێژەیەکی زۆر لە گەنجان ئالودەی ئەم ماددەیە بوونەتەوە سەرەڕای قەدەغە کردنی بەکار هێنانی و کڕین و فرۆشتنی ئەم مادده سزای توووند هەیە بە پێی یاسای چواردەی مادەهۆشبەرەکان، بەڵام ڕۆژبە ڕۆژ ئەم ڕێژە روو لە زیادبوون دەکات، ئەویش بە هۆی کرانەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستان بە رووی وڵاتانی دراوسێی وەك ئێران وتورکیا و سوریا دا کە وولاتی ئیرانش یەکیکە لە وڵاتانی (مانگی ئالتونی) کە بە ڕێژەیەکی بەر چاو ماددەی هۆشبەری تێدایە و هەرێمی کوردستانیش سنورێکی دورو درێژی لە گەل وولاتی ئیراندا هەیە و ئەمیش کەم تا زۆر کاریگەری لە سەر هەرێمی کوردستان و گەنجان هەبووە.(خالید کەریمی و همکارانش،١٣٩٩)

## چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە و چەمکەکان

### یەکەم/کێشەی توێژینەوە

لە گەڵ فراوانبوونی بازرگانیکردن بەماددەی هۆشبەر لایەنە سیاسیەکان و ڕۆشنبیرەکان لە ئاستییدا بێدەنگندان لە کاتێکدا مەترسیدارترین دیاردەیە و هەرەشەیە بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزان و دواکەووتنی کۆمەڵگان و تێکچوونی دۆخی ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستان ڕێگە خۆشکەربووە بۆ بازرگانیکرن بە ماددەی هۆشبەر وبڵاووبونەوەی لە ناو گەنجاندا، بە تایبەتی ئیستا لە ناو چین و توێژەکانی لاوان و قوتابیان و مێرد منداڵان روو لە زیاد بوون دەکەن وئەو ماددانەی کە زۆر بەکاردەهینرێت و بازرگانی پێوە دەکریت لە ناو چینی گەنجان لە هەرێمی کوردستاندا وەکو (حەبی ترامادوڵ ، شوشە ، هیروئین و کوکاین و ئەمیفاتین و تریاك) و زور جۆری تر کە بە کاردەهێنرێن مادده هۆشبەرەکان یەکێك لە ترسناکترین ماددەن لە جیهاندا کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر جەستە هەیە لە ماوەیەکی کەمدا گەنج و لاوان بێهێز دەکات و کاریگەری گەورە لە سەر جەستەی مرۆڤ دروست دەبێت و ڕەنگی دەگۆرێت و زامی گەورە لە سەر جەستەی دروست دەبیت، و تووش بوو زۆر بە زەحمەت دەتوانیت وازی لێ بهینێت. ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەکانەوە لەلایەنی پزیشکیەوە بە نەخوشییەکی مێشکی دادەنرێت و دەبێتە هۆی گۆرێنی پێکهاتە و شیوازی کارکردنی میشك و ڕەفتار و بەرزبونەوەی فشاری خۆین و بەرگری لەش دژی نەخۆشی، لاواز دەبێت و توانای بەرگری نامنێت و توشبوون بە نەخوشی ئایدز لە ڕێی بەکارهێنانی دەرزی پیسەوە جگە لەوەی زیانی تەندروستی و زیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لێدەکەویتەوە، کە کاریگەری لەسەر خێزان و منداڵ هەیە و ڕێژەی تاوان و دزی وبە کارهێنانی توندوتیژی وکوشتن و تێکچوونی شیرازەی خێزان و زیاد بوونی ڕێژەی جیابوونەوە و سەرلێشێوان وپشت گویێ خستنی منداڵ، هەروەها هەرەشەیە بۆ دەستریژی سیکسی بۆ سەر کەسانی دەوروبەر و نەمانی توانای کارکردن و دابران لە خوێندن و تێکچوونی باری ئابووری و بە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هەدەردانی داهاتی خێزان ( دانش،١٣٨٤، ١٨٧ ).
بەپێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان(UNODC) کەلە تازەترین ئاماری خویدا لە سەر بەکارهێنەرانی مادەهۆشبەرەکان لە جیهاندا لە سالی (٢٠٢١)بڵاوی کردەوە، نزیکە (٢٧٥) ملیون کەسی کە (٥،٥٪) دانیشتوانی جیهان بەکارهێنەری مادەهۆشبەرەکانن و زیاتر لە (٣٥) ملێون کەس پێویستیان بە چارەسەری پزشکی هەیە ، هەروەها بە پێی راپۆرتی رێکخراوەی تەندروستی جیهانی لە ساڵی( ٢٠٢١) دا زیاتر لە (٦٠٠) هەزار کەس بە هۆی بە کار هێنانی حەب ودەرزی وماددەی هۆشبەرەوە مردوون ( UNODC ،٢٠٢١). لە هەرێمی کوردستانیش مەترسی بە کار هێنانی ماددەی هۆشبەر تادێت زیاتر دەبێت.بە پێی دواین ئامارەی بەرێوبەرایەتی گشتی نەهیشتنی مادەهۆشبەرەکان لە رێکەوتی( ٢٠٢٢/٦/٢٦) بە ژمارە (٣٦٠٧ )لە شەش مانگ سەرەتایی ساڵی( ٢٠٢٢ ز)(٩٩٩) تومەتبار دەستگیرکراون کە (٦٨٢) کەسیان سزادراون و (٣٣٨ ) کەسیان دۆسیەکەیان یەک لای نەبوتەوەی و (٤٥) کەسیان ئازارد کراون کە (١٣٢) کیلو ٧٢گرام) مادە هۆشبەریان پێ بوو بە ئەوانەی کە دەست بەسەر کراون رێژەی لە( ٦٥٪) لە تەمەنی نێوان( ١٤بو ٣٣ )ساڵی دایە کە رێژەیەکی بەرچاوی بەر گەنجان و لاوان کەوتووە، و ئەمەیش ئەو دەگەینێت کە رۆژ لە دوای رۆژ بەکار هێنانی ماددەی هۆشبەر لە بەرزبوونەوەدایە ، چ ئەوانەی ئالودە بوون و چ ئەوانەی بازرگانی پێوە دەکەن.( راگەیاندنی بەریوبەرایەتی نەهیشتنی مادە هۆشبەرەکان).ئایا هوکارەکانی بەکارهینانی ماددەی هۆشبەرەکان لە لای گەنجان چیە؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

١-کەمیی توێژینەوەی زانستیی ئەکادیمی لە بارەی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان وکاریگەریيان لەسەر گەنج لە هەرێمی کوردستان.
٢-لەوانەیە ئەم توێژینەوە ببێت بەسەرچاوەیەک بۆئەوپسپۆڕانەی کەگرنگی بەگەنج و مادەهۆشبەرەکان ئەدەن بە دانانی پلان بۆرێگری گرتن وکەمکردنەوەی ئەم دیاریدەیە.
٣-ئەم توێژینەوەیە سەرەتایەکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە بە شێوازێکی فراوانتر لەلایەن خوێنکارو توێژەرانەوە.

## سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

١-زانینی شیوازەکانی بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لای گەنجان.
٢-زانینی جوری ئەو مادە هۆشبەرانەی کە لە نێو گەنجاندا بڵاووەو بەکاردەهێنریت
٣-زانینی کاریگەریە جیاوازەکانی مادە هۆشبەرلە سەر گەنج و(خێزان و) کۆمەڵگا .
٤-زانینی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی مادده هۆشبەرلە هەرێمی کوردستان.

## چوارەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

١-گەنج : لە"المصباح المنیر" داگەنج بریتییە لە چالاکی و هێز و خێرایی (فهمی، ١٩٨٢ ).(مارغریت مید) (١٩٧٨،١٩٠١) مروڤناسی بە ناوبانگی ئەمریکی پێناسەی گەنجێتی بەم شێوازە دەکات: (دەتوانین بڵێین کاتی گەنجی دادەنریت بە (ئەگەر و ئایا) کە دو تایبتەمەندی خۆیان هەیە ئەویش چاوەروانییە بەربڵاوەکان لە لایەك و بە ئاکام نەگەیشتنەکان لە لایەکی دیکەوە، سەردەمێك کە تێیدا دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان کامڵ نەبوون (شفرز،١٣٩٠، ٢١)
لە روانگەی کومەلناسی گەشەوە تەمەنی گەنج لەوەکاتەوە دەست پێ دەکات کە کەسە کە بالغ دەبێت ئەویش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. چونکە ئەم تەمەنە لە رووی شێوازی هەڵس و کەوت و تێروانینەوە، کۆمەڵێ تایبتەمەندی خۆی هەیە (ربانی، ١٣٨٣، ١٦).
پێناسەی رێکاری بۆ گەنج:لەم توێژینەوەیدا مەبەستمان لە گەنج ئەوتوێژەن کەتەمەنیان( ١٨- ٣٤ ) ساڵدایە کە بە هۆی بەکارهێنانی یاخود بازرگانی کردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە لە ناو چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەستەبە سەر کراوەن.
٢- مادەی هۆشبەرە : ماددەی هوشبەرلە وشەی (Narcotic) وەرگیراوە، کە وشەیەکی ئیغریقییە بە واتایی بێهوش کردن و لە هۆش خو چوون دێت کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوتری(Drug)(الدمرداش،١٩٨٢).
- مادەی هۆشبەر لە کۆمەڵێك مادەن کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژەهراوی کردنی کۆئەندامی دەمار، هەروەها بازرگانیکردن و چاندن یان دروستکردنیان قەدەغەیە جگە لەو مەبەستانەی کە لە یاسادا دیاری کراوە و تەنها لە لایەن ئەو کەسانەوە بەکاردەهێنرێت کە مۆلەتی یاساییان هەیە (المهندی ،٢٠١٣ ، ٢٣).
پێناسەی رێکاری بۆ ماددەهۆشبەر: مەبەست لە مادە هۆشبەرەکان لەم توێژینەوەیەدا ئەو کۆمەڵە مادانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژهراوی بوونی کۆئەندامی دەمار، ویست و ئیرادەو کرداری مرۆڤ لاوازو ناهەموار دەکا و جەستەش پیرو پەککەوتە دەکا بەکار هێنان و چاندن و دروستکردنیان قەدەغەیە تەنها بۆ ئەو مەبەستانە نەبێت یاسا دیاری کردووە.
٣- ئالودەبوون: بریتییە لە دیاردەیەکی دەروونی – کۆمەڵایەتی کە تاکی بەکارهێنەر بە هۆی کۆمەلێك پاڵنەری دەروونی جەستەیی و ژینگەیی بە شێوەیەکی درێژخایەن تووشی دەبێت و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خۆی و کۆمەڵگا ، هەروەها بەرزبونەوی رێژەی تاوان و کێشەی جۆراو جۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی (محەمەد،٢٠٠٧ ، ٢٧).
- رێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە باسی ئالودەبوون دەکات:بریتیە لە حەز یان بەسترانەوە بە شێوەیەکی ناسروشتی و بەردوام کە کەسانێك سەبارەت بە هەندیك لە مادە دەیانبێت (احمدی ١٨٧،١٣٨٣)
پێناسەی رێکاری بۆ ئالودەبوون: بریتیە لە وابەستەبوونی دەرونی، ئۆرگانی بۆ دەرمانێکی دیارکراو کە ناتوانرێت دەستبەرداری ببێت بە هۆی راهاتنی کۆئەندامی دەمارەوە بۆ ئەوەدەرمانە یاخود ئەو مادده هۆشبەرە و لە حاڵەتی کشانەوەش لە بەکارهێنانی ئەم دەرمان و مادده بێهۆشکەرانە دا کاریگەری دەروونی جەستەیی دروست دەکات.

٤-ئالودەبوو: بە واتای گیرۆدەی شتێك دێت(خال،١٣٦٧). ئەمە بە مانای ئەوە دێت کەسەکە لە هیچ هەلو مەرجێکداو بەهیچ جۆرێك بەکارهێنانی نییە بۆ مادده هۆشبەرەکان.. کەسێك بە هۆی بەکارهێنانی دووبارەوە بەردەوامەوە ئالودەی بە مادده هۆشبەرەکان بەواتایی کەتر قوربانی هەردەرمانیك یان پشتبەستنی دەروونی بە مادده هۆشبەرەکان بە ئالودەبوون ناسراوە (محسنی،١٣٦٨،٤٧) .
پێناسەی رێکاری بۆ ئالودەبوو: بریتیە لە وابەستەبوونی دەرونی ,ئۆرگانی بۆ دەرمانێکی دیارکراو کە ناتوانرێت دەستبەرداری ببێت بە هۆی راهاتنی کۆئەندامی دەمارەوە بۆ ئەودەرمان و مادده هۆشبەرە و لە حاڵەتی کشانەوەش لە بەکارهێنانی ئەم دەرمان مادده بێهۆشکەرانە کاریگەری دەروونی جەستەیی دروست دەکەن.

## توێژینەوە هاوشێوەکان و ئەو تیۆریانەی کە پەیوەندی بە ئالودەبوون بە مادده هوشبەرەکان لای گەنجان

### توێژینەوە هاوشێوەکان

**یەکەم/ کریم،لقمان صالح،( ٢٠٠٩) بە ناونیشانی (هۆکارو جێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی خراپ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان).**

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای سلێمانی ئەنجام دراوە، ئامانجی توێژینەوەکەش خستنە رووی زانیاری تایبەت لە سەر مێژوو و پۆلێن و رەوشی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان و کۆماری عێراقی فیدراڵ و ناو چەکەو جیهاندا، دۆزینەوەی سەرداوەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە سەر ئاستی"تاك، خێزان، کۆمەڵگە" میتود توێژینەوەکە شێوازی تیکەڵ (کمی و کیفی ) بەکارهێناوە.توێژەربۆ دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکەی پشتی بە(نموونەی تۆپەڵە بەفرینەی) بەکار هێناوە، نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە( ١١٠) یەکە کە لە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە وەرگیراون.

**گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەمانەن:**

١- بەشێکی زۆری نمونەی توێژینەوەکە پەشیمانی خۆیان دەربڕیوە لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.٢-هەندێك لەو زیندانییانە کە حەپ فرۆشن، ناوی نهێنییان هەبوو بۆ ئەوەی کەس نەیان ناسێتەو٣-هەندێك لە زیندانییەکان بۆ کڕینی ماددەهۆشبەرەکان تەنانەت پێڵاو و کەل و پەلی تایبەتی خۆیان لە ناو زینداندا دەفرۆشت.٤- بونی حاڵەتی دزی لە ناو هۆڵی زیندانەکاندا،بە تایبەتی پێڵاو دزین و تایبەتتر لە ناو هۆڵی گەنجاندا. ٥-هەندێك لە بەندکراوەکان شوێنەواری خۆکوتان و تاتۆ لە سەر دەست و مەچەکییان بەدی دەکرا.٦-.بەدیکردنی حالەتێ سواڵکردن لە دەرەوەی زیندان لە لایەن کەسێکی بەکاربەرەوە.

**دووەم/الهویش، یوسف بن محمد:(٢٠١٧) هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەرو لەنێو گەنجان و بڵاوبوونەوەی و کاریگەرکەی.**

ئەم توێژینەوەیە چەند ئامانجی هەبووە لەدیارترینیان زانین و ناسینی جۆرەکانی مادەی هۆشبەر و هۆکارەکانی پەیوەست بە خوگرتن پێوەیەو ئالوودەبوون پێوەی. دۆزینەوەو خستنەڕووی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئالوودەبوون لەنێو گەنجان، دیاریکردنی ئەو شوێنەوارو دواکەوتانەی کەلەو دیاردەیە دەکەونەوە لەسەر گەنجان و خێزانەکانیان، هەروەها دەستنیشانکردنی رۆڵی خێزان و دەزگا پەروەردەییەکان و راگەیاندنیەکان لە پرسی خۆپارێزی لەو دیاردەیە لەم لێکۆڵینەوە توێژەر میتۆدی وەصفی و میتۆدی دوکیۆمینتاری وەستاو لەسەر خستنەڕووی زۆرێك لە ئەدەبیاتی رابردوو لەسەر ئەو دیاردەیە، کەبەرچاو رۆشنیان داوە لەسەر کاریگەری دواجار گەیشتوە بەم دەرئەنجامانە:

١-تاکەکان بەتایبەتی گەنجان بەرێگەی جیاواز دەست بۆ مادەی هۆشبەر دەبەن و دواجار تووشی ئالوودەبوون دەبن پێی، هەیانە کاتێك پەنا بۆ مادەی هۆشبەر دەبات بە ئامانجی سووککردنی بارو دۆخی خۆی کە دووچاری جۆرێك لە نەخۆشی بووە، بەڵام دواجار لەوپێناوەدا دووچاری ئالوودەبوون دەبێت.

٢- هەندێ لەکەسەکان کە دەست بۆ مادەی هۆشبەر دەبات، ئامانجی خۆدەربازکردنە لەو تەنگوچەڵەمەو کێشانەی ژیان کە دووچاری بووە بۆ ئەوەی سەرمەستی بکات و لەبیری بباتەوە.

٣- دەرکەوتەبوونی چەندین رەفتاری نەرێنی و خراب، بەدەرلە خراپ بوونی باری دەروونی و فسیۆلۆژی کەسی ئالوودەبوو

٤- جۆری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ژینگەی گەنج رۆڵی گەورە دەبینێت لە پرسی ئالوودەبوونی گەنجان بەمادەی هۆشبەر.

٥-خێزان و پەروەردەی خێزانی رۆڵی راستەوانەی هەیە لەدووچاربوونی گەنجان بە ئالوودەبوونی گەنجان بەمادەی هۆشبەر.

**سێهەم/الرکابي،لمیاو یاسین(٢٠١١) هۆکارەکانی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر لەلای خوێندکارانی ئامادەیی.**

ئەم توێژینەوەیە لە شاری بغداد/عێراق ئەنجامدراوە، ئامانجی توێژینەوەکەش گەڕانە بە شوێن ئەو هۆکارانەی کە لەپشت بەکارهێنانی مادەی هۆشبەرەکانەوەن لەلای (گەنجان) خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی. میتودی کمی بەکارهاتوو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) بەهەردوو بەشی ئەدەبی و زانستیەوە، لەشاری بەغداد کەژمارەیان(٥٣٣٦٤) خوێندکار بووە، توێژەر پەیرەوی وەرگرتنی سامپڵی کردووە، نموونە هەرەمەکی سادە بەکارهێناوەکە سامپڵەکەی لە (١٨٠) خوێندکاری لەخۆگرتووە.

گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش ئەمانەن:١-لاوازی بیروباوەڕی ئاینی و پابەند نەبون بە ئاینەوا کاریگەری هەبوە لەسەر رەوشی ژیان و رەفتاری بەکاربەرانی مادەی هۆشبەرەکان، کەئەم هۆکارە بەپلەی یەکەم هاتوە.هۆکاری خودی-کۆمەڵایەتی رێخۆشکەربوە بۆ بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دێت. خێزان و پێگەیاندنی خێزانی ورەوشی خێزانی بەگشتی لە پەنابردنی گەنجانی خوێندکاری ئامادەییەوە بۆ بەکاربردنی مادەی هۆشبەر. کاریگەری هاوڕێی لادەرو خراپ و زیاتر لەگەڵ بوونی ئەوانەی کە رەفتاری نەرێنی و لادەر دەنوێنن.

چوارەم/توێژینەوەی(صالحی، محمد، ١٣٩٠ ) بە ناونیشانی(زانینی هۆکارەکانی بلاوبوونەوە مادده هۆشبەرەکان لە ناو گەنجان لە ناو شاری بهشهر).

ئەم توێژینەوەیە لە شاری بهشهرلە ئیران لە پاریزگای مازندران ئەنجام دراوە، ئامانجی توێژینەوەکەش بۆ زانینی هۆکارەکانی بلاوبوونەوەی

مادده هۆشبەرەكانە لە ناو گەنجانی شاری بهشهردا، بە مەبەستی چارەسەركردنی بلاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەكان لە ریگەی خیزان و بەرپرسانی وولاتەوە میتود كمی بەكارهێناوە،كومەڵگا توێژینەوەكە هەموو ئەو گەنجانەی كە تەمەنیان لە نێوان( ١٨بو ٢٤) سال دەبێت لە قەزای بهشهر كە نزيك (٣٢٣٤) گەنج دەبیت كە بە شیوەی هەرمەكی سادە لە( ١٠٠)گەنج دەست نیشان كراوە ولە ریگەی پرسیارنامە و بە شیوەی شیكاری و تحلیل دەرئەنجامەكانی دەست نیشان كردووە.

توێژینەوەكە كەیشتە ئەم ئەنجامانە:

١-گەنجان زیاترین توێژن كە دەكەونە بەر مەترسی دەرمان و مادده هۆشبەرەكان كە لە تەمەنی (١٨ بو٢٤) سالَیدان.

٢-ئاستی خوێندەواری و روشنبیری كاریگەری باشی هەیە لە سەر گەنجان كە كەمتر پەنا ببەن بو مادده هۆشبەرەكان بە جۆرێك تا ئاستی خوێندەواری بەرزتربێتەوە بەكارهێنان كەم دەبێتەوە.

٣-ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان ،بوونی هاورێی خراپ، لاوازی لێكترازانی پەیوەندیە خێزانیەكان، نەبوونی ئاستی روشنبیری دایك و باوك، ژینگەی دەوروبەر.نەبوونی پەیرەوو پرۆگرامێگی دروست لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ ڕاكێشانی گەنجان

## ئەو تیۆریانەی كە پەیوەندیان هەیە بە ئالودەبوون بە مادده هوشبەرەكانەوە لای گەنجان.

### ١-تیۆری فێربوونی كۆمەڵایەتی(نظرية التعلم الآجتماعى)Social Learning Theory:

پرۆسەی فێركردنو پەروەردەكردن بە ئامرازی سەرەكی دادەنرێت كە ئەم پرۆسەیە بایەخی پێدەدات لەكاتی بە ئەنجام گەیاندنی كاری لەگەڵ تاكەكان لەناو دامەزراوەكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی دا كە بریتین لە (خێزان، دایەنگای مندالان، خوێندنگا، دامەزراوە ئاینییەكان، ئامرازەكانی ڕاگەیاندن). ئەم فێركردنەش بریتیبە لە گۆڕانێكی هەمیشەیی و بەردەوام لە ڕەفتاری تاكدا كە ئەمەش لەئەنجامی بەسەرهات و تاقی كردنەوەكانەوە ڕوودەدات كە تاك دەیبینێ لەژیانیدا، هەروەها دادەنرێت بەو چالاكیە ناوەكییانەی كە لە ناوەڕۆكی تاكدا ڕوودەدەن و ناتوانرێ تێبینی بكرێت بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ و ئەگەر سەیری منداڵا بكەین هەر لە سەرەتای لەدایك بوونییەوە وەك پەڕەیەكی سپی وایە كە هیچ شتێك نازانێ و هەموو پشت بەستنێكی بە كەسانی دەوروبەریەتی، بەتایبەت دایكو باوك و خەمی سەرەكی تێركردنی پێدوایستییە فسیۆلۆژییەكانییەتی(ابوجادو،١٩٩٨)

دەروونناس )البرت باندورا: ١٩٢٥) لەسەر بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان لای گەنجان لەو باوەردایە كە گەنجان ئەكەونە ژێر كاریگەری بەكارهێنەرانی مادده هۆشبەرەكانەوە بە تایبەتی هاوری نزیكەكان و دایك و باوكی بەكارهێنەری مادده هۆشبەرەكان، "باندورا" پێی وایە كە مۆدێلەكانی ڕۆڵ دەتوانن كاریگەری خۆیان لە بەكارهێنان و ڕەتكردنەوە بەرهەم بهێنن. بۆنموونە، چاودێریكردنی ئەو هاوتەمەنانەی كە حەشیش دەكرن و دەخۆن، زانیاری و شارەزایی پێویستیان بە دەستهێنانی تلیاك نیە.بە پێچەوانەوە چاودێریكردنی هاورێیەك كە بەرگری لە پاڵەپەستۆی هاوتەمەنەكان و موجامەلەكردنەكان دەكات بۆ بەكارهێنانی حەشیشەكان، كارامەیی ڕەتكردنەوەی گەنجان و كارامەیی خۆی بەهێز دەكات، چونكە توانیویەتی ئەو شارەزاییە فێر بێت كە پێویستە بو دووركەوتنەوە لە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان هەیەتی(لیتری ، ١٣٨٤، ١٢٩).

### ٢- تیۆری ووردەكولتوور(نظرية الثقافة الفرعية Subcultural Theory )

ووردە كولتوور روونی دەكاتەوە كە خەڵك چۆن كاردانەوەیان هەیە بەرامبەر بە گۆشەگیری كۆمەڵایەتی و بێبەشكردنی ئابووری بە ژیان لە گەڕەكە نارێكخراوەكاندا بەهۆی شیكردنەوەی شێوازی ژیانەوە بیئومێدی و خەمۆكی ئەندامانی چینە نزمەكانی كۆمەڵگا، ژێر كەلتوورێكی سەربەخۆ دروست دەكات لەگەڵ كۆمەڵێك یاسا و بەهای خۆ. لە كاتێكدا كە كلتوری چینە ناوەندەكان جەخت لە هەوڵی گەورە دەكاتەوە ووردە كولتوور چینەكانی خوارەوە جەخت لە هەست و سۆز و گێچەڵكردن و مەترسی گرتن و بوێری و ڕازیبوونی دەستبەجێی پێویستیەكان دەكاتەوە نۆرمەكان ووردە كولتوور زۆرجار ناكۆكن لەگەڵ خاڵ هاوبەشەكانی كۆمەڵگا چونكە هەژارانی شارەكە ئەوە دەبینن كە مەحاڵە لەگەڵ خواستە هەڵسوكەوتییەكانی چینی ناوەندی كۆمەڵگادا بگونجێن لە ئەنجامدا دانیشتوانی گەڕەكەكان ناچارن یاسا بشكێنن و پەیرەوەی لە یاسا لادەرەكان بكەن (مباركى،٧٩،١٣٨٣). تیۆری گواستنەوەی كولتووری یاخود ووردە كولتوور لە كاریگەری هۆكارەكانی كولتوری لەئالودەبوون بە مادده هۆشبەرەكانەوە دەكۆڵێتەوە و هیچ بابەتی ئەم تیۆرەش زیاترلەسەر ڕەفتاری لادانە لە ناو گەنجانی چینەكانی خوارەوەی كۆمەڵگادا بە پێی تایبەتمەندییە وردە كولتوورییەكانیان وەكو: پێوەر و بەهاكان، زمان و شێوازی ژیانیان لە هەموو روویەكەوە.كۆهین(١٩٥٥)، كلاوارد وئۆهلین(١٩٦٠) و میلر(١٩٧٥) و ماتزا(١٩٦٤) لەو باوەردان كە گرنگیدان بەوردە كولتور گرینگییەكی تایبەتی هەیە لە ڕوونكردنەوەی تاوانی گەنجاندا چونكە كۆمەڵگا مۆدێرنەكان بە كولتور ورەفتاری ئاسایی ناسراون لە پێگەیەكی ورد كلتوری تایبەتدا لەوانەی وەك ڕەفتارێكی لادەر لە شوێنێكی دیكە لە ژێر كولتووری دا ڕەچاو بكرێت (احمدى، ١٣٨٨، ١٢).

### ٣- تیۆری گروپی هاوتەمەنەكان :نظرية كتلة الآقران( Peer cluster theory )

ئەم تیۆری لە لایەن (ئوتینگ وبورالیس) لە سالَی (١٩٨٦ -١٩٨٧)خرایە بەرباس و لێكۆلینەوە، كە هەندێك لە بابەتەكانی تیۆری ڕەفتاری كێشەئامێزیش لە خۆ دەگرێت بە پێی ئەم تیۆرە تەنیا گۆڕاوی سەرەكی لە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان ، كاریگەریی هاو تەمەنەكانە كە هەڵیانبژاردوون بۆ پەیوەندیكردن لە گەڵیان كە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ لە ژێر كاریگەریی ئەواندا پەڵكیشی مادده هۆشبەرەكان دەبن (بهرامى،٢٠٠٤) .

### ٤-تیۆری هەڵسو کەوتی خێزانی

(زانا برووك والت Brook ١٩٩٠) ئەم تیۆرە بە تیۆری ئالۆز وەسف دەکەن لەم بارەیەوە خاوەنی جیهانبینی تایبەتی بە خۆیەتی، ناوبراو پێی وایە کێشەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، لەسۆزی خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت ، بوونی پەیوەندی سۆزدارانە لە نێوان ئەندامانی خێزان بە تایبەت باوان و منداڵەکانیان ، هەروەها تایبەتمەندی دەروونی ئەندامانی خێزان ، کاریگەری راستەوخۆی هەیە لە سەر بڵاو بونەوەی ئەم دیاردە ، بۆ ئەو مەبەستەش زانا برۆك چوار هۆکارو بۆ وابەستە بوونی خێزانی و سێ پەیوەندی دەستنیشان دەکات و پەیوەندیە خێزانیەکان دەکاتە پێوەر و بنەما بۆ خراپ بەکار هێنان ، لەم بارەیەوە پێی وایە بوونی هەر درزێك لەم پەیوەندیانەدا بۆی هەیە ببێتە ناوەندێکی لەبار بۆ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان (محمدی، ١٣٨٥).

### ٥-تیۆری بێبەشکردنی رێژەیی(نظرية الحرمان النسبي(The Thyory of relative deprivation

بو یەکەمجار تیۆری زەوتکردنی رێژەیی لە لایەن کۆمەڵناسان جودیس و پیتەر بلاو (١٩٨٢) پێشنیازکراو و بلاو بویەوە.ئەوان چەمکەکانیان لە تیۆری ئانومی تێکەڵ کرد لە گەل ئەوانەی لە مۆدێلی رێکخراو کۆمەڵایەتیدا دۆزراونەتەوە بە بروای ئەوان ، خەڵك لە چینە نزمەکان لەوانە هەست بە دووبەرەکی بکەن لە کاتی بەراوردکردنی باردۆخی ژیانیان لە گەڵ کەسانی دەوڵەمەند، ئەم هەستە بێبەشکردنە دەبێتە هۆی هەستکردن بە نادادپەروەری و نارەزایی و بەخێوکردنی نەبوونی متمانە بە ئەوان هەلی پێشکەوتنیان راگیراوە ئەمەش هەستێکی بێدەسەڵاتی دروست دەکات کە دەبێتە هۆی دوژمنایەتی ودەستدرێژی و دواجار توندوتیژی و تاوان (مبارکی، ١٣٨٣،٧٤). زانایانی تاواناسی پێیان وایە کە نایەکسانی لە داهاتدا،کۆمەڵگا تووشی تاوان دەکات و هەموو رێژەی تاوانێك تێدا زیاد دەکات، چونکە کەلێنی سەرەکی نێوان دەوڵەمەند و هەژارە کە رق و بێ متمانەیی دروست دەکات و باردۆخێکی لەو شێوەیە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی توندوتیژی و تاوان، لەو کۆمەڵگایانەی کە نایەکسانی داهات زیادی کردووە جۆرێك لە سوکایەتی لە کە سانی کەمدەرامەتەوە هەیە کە لە هەندێك لەو یە وە هاندەرێکە بۆ ئەنجامدانی تاوان، هەروەها دەروونناسەکان باسی ئەو دەکەن کە کاتێك گەنجان نیگەرانن لەو باردوخ و ژیانەی کە تێدان،لە ئەنجامدا ئەوکەسانە توشی ئیرەیی دەبن ئەگەر نەتوانن شێوازی شەرنگیزی وترسناك لە کێبرکێی کۆمەڵایەتیدا بەکاربێنن ئەوا چانسی سەرکەوتنی داهاتوویان کەمتر دەبێت بۆیە زۆربەی ئەوکەسانە تاوان و توندوتیژی ئەنجام دەدەن ئەم پرۆسەیە وەك تیۆری زەوتکردنی رێژەیی باسی دەکات( Lettreri، ١٩٨٢،١٢).

### ٦- تیۆری کات بەتاڵەکان)نظرية الوقت الفراغ (Theory of free leisure

جۆرج زێمێل یەکێك بوو لە کۆمەڵناسە کلاسیکییەکانی ئەڵمانیا، لە تیۆرییەکەیدا سەبارەت بە کۆمەڵناسی کاتە بەتاڵەکانە توانی روونکردنەوە بکات لەسەر بڵاوبوونەوەی ئالودەبوون بە ماددەهۆشبەرەکانەوە لە کۆمەڵگادا. زێمێل پێی وایە لە کولتوری مۆدێرن و لە پرۆسەی مێژووی نوێدا زیادبوونی ئازادیی تاك لە بەندەکانی وابەستەیی چری کۆمەڵایەتی کەسیەوە سەرهەڵدەدات، و شێوەکانی فەرمان و گوێرایەڵیش دەبنە کارەکتەرێکی نوێ وکەس ناچێتە ژێر باری تەواوی ئەوانی ترەوە، وە جۆرەها چالاکیی کات بەسەربردن هەیە کە رێگە بە مرۆڤ دەدات خۆی لە کەسانی دیکە جیا بکاتەوە، کە مێتود و کردارە خێراکانیان ئەم جیاکارییە ناسنامەی کەسی پێکدەهێنن، لە سەر ئەم بنەمایە هەمووان شێوازێکی تایبەت پەیرە و دەکەن بۆ جیاکردنەوەی خۆیان، کە لە ژیانی مۆدێرندا بەرەو پیش دەبات (حسینی ، ٢٠١٠، ٤٦) .

## مادده هۆشبەرەکان و گەنج و قۆناغی گەنجی و پێداویستەکانی:

### یەکەم : مادده هۆشبەرەکان

مادده هۆشبەرەکان جۆراو جۆرن هەرجۆرێکیش چەندین وەرگیراوی هەیە کە هەندێکیان لە رووی تایبەتمەندی وەکو یەکن، هەندێکتریان زۆر لە یەك جیاوازن بۆیە زانایان هەریەك بە پێی پێوەری تایبەت دابەشیان دەکەن، هەندی بە پێ پۆلێنی مادده هۆشبەرەکان لە سەر بنەمای پێکهاتەکەیان،وەهەندێکی تریان لە سەر بنەمای راددەی کاریگەرییان لە سەر تاك و کومەڵگا و خیزان دابەش دەکەن، بەڵام لە هەریمی کوردستان بە پێی یاساکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مادە هۆشبەرەکانی کردوو بە دووبەش سەرەکی یەکەم مادە هۆشبەر سروشتی و دەستکردەکان ونیمچەدەستکردەکان دووەم کارتێکەرە عەقلیەکان، مەرجیش نییە هەموو ئەو ماددانە لە هەرێمی کوردستاندا بونیان هەبێت و بەکاربێن بەڵام جۆری مادە هۆشبەرەکان زۆرن و بە پێی یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو جۆرەکانی قەدەغەن جگە لەو مادانەی کە پزشکین ولە ژێرچاودێری وەزارتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بەکاردەهێنرێن.(یاسای مادەهۆشبەرەکان،٢٠٢٠) لێرەدا پۆلێنی مادده هۆشبەرەکان بە پێی جۆرو پیکهاتەیان دەکەین.

### آ- مادده هۆشبەرە سروشتییەکان :

مادە هۆشبەر سروشتیەکان کە هیچ چەشنە کارێکی کیمیایی یان لە سەر نەکراوە ئەم جۆرە هۆشبەرانە گەڵاو گوڵ و بەری گیاو رووەکە سروشتیەکان دەگرێتەوە، وەك خەشخاش، شادانە، قات، کۆکا ئەم جۆرە ماددانە زۆربەی کات لە حاڵەتی سروشتیداو بە شێوەی گیایی بونیان هەیە و راستەوخۆ لەو رووەکانە وەردەگیرێن کە ماددەی هۆشبەریان تێدایە، جاچ رووەکی خۆرسك بێت، واتە بە بێ چاندن بروێت(محەمەد،٢٠٠٧،٣٥).

( کەدەستی مرۆڤ تێدا نەبێت) یا خودچێنراو بێت.

خاشخاش: گیایەکی لاسکە بارێك و گەڵاکانی درێژو درشتن، گولێکیکی سپی هەیە و بەرزایەکە دەگاتە یەك مەترو بەری ئەوگیایە وەك توپێك وایە کە لە دوای وەرینی گەڵاکانی لە سەر لاسکەی ئەوگیایە دەردەکەوێ.

شادانە: گیایەکە، کە زۆرتر لە گەزنە دەچێ و بەرزاییەکەی دەگاتە دوومەترو گەڵاکانی درێژن دانەیەکیان رەشەو رۆنیکی بۆن پیسی هەیە، رۆنەکەی دەگرن بۆ دروست کردنی سابوون بەکاردەهێنرێت ولە ئەمریکا باشور و هەندیك وڵات (ماریجوانای) پێ دەوترێت (حسینیان، ١٣٩١ ،٧) .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

قات: شوێنی ڕوواندنی داری قات لە ناوچە وشکاییەکاندایە، بەرزی ئەم دارە یەك تا دوو مەتر لە ناوچە نیوە ئیستواییەکاندا دەگاتە شەش مەتر، تەمەنی تا بیست ساڵ دەگات و درێژی گەڵاکە نزیك (٣تا٩)سم و پانی یەکە (١تا ٥)سم ،دوای لێ کردنەوەی گەڵا و خونچە ناسك و نەگەیوەکانی، هەموو بەیانی یەك دەستە دەکرێن و بۆ پارێزگاری کردنیان دەخرێنە نێو توورەکەیەکی تایبەتی و پاشان دەخرێتە بازار بۆ فروشتن (کریم،٢٠٠٩،١٣٦).

کوکا : ئەم دارە زۆرتر لە ئەمریکای باشورو لە ئاو هەوای تایبەتدا دەڕوێت یەك مەتر ونیو بەرزیەکەیەتی و بەشێکی زۆر لە شاخەکانی پێرۆ وبۆلیفیا پڕە لە داری کۆکایە، پیشترخەڵکی ئەو ناوچەیە گەڵای کۆکایان بە شێوەی جووین ومژین بەکار دەهێنا، کۆکا گەڵایەکی نەرم و لووسی هەیە وقەبارەی وەك هێلکە و هێشوە (بەدری ، ٢٠٠٧ ،٤٩-٥٠).

**ب- مادده هۆشبەرە پاڵفتەکراوەکان :**

ئەو مادده هۆشبەرانەن کە لە مادده ودرەختە سروشتییەکان وەردەگیرێن بەڵام چرییەکەیان زیاتر و کاریگەرترن لە سەر مرۆڤ ئەم جۆرەیان لە هۆشبەرە سروشتیەکان دروست دەکرێن، وەك: مۆرفین ،بەنگ، چەرس، هێرۆیین و هایدرۆ مۆرفین کە لە مۆرفین دروست دەکرێن، ئەو مادە وەرگیراوانە کاریگەری تەندروستی زۆر ترسناکیان هەیە، وەك: ئارەزووی خواردن و زیاد کردنی لێدانی دڵ و لەرزین و فراوانبوونی گلێنەی چاو (کلمن،١٣٨٢ ، ٣٠).

مۆرفین: جەوهەری تریاك، بە مادەی کیمیایی لە تریك جیا دەکرێتەوە و لە تریاك بێ ڕەنگترە، تامی تاڵە.

هێرۆئین: توزێکی سپییە کە لە مۆرفین دروست دەکرێ و لە مۆرفین و کۆکائین بەهێزترە و بەکارهێنانی مەترسی زۆری هەیە، تووشبووەکان بە شێوەی بۆن کردن یان لە ڕێگای لووتیانەو بەکاری دەهێنن ولە دوای ماوەیەکی کورت شوێنەوارلە سەر تووشبووەکان دادەنێ (سیویلی،٢٠١١، ٨٥)

بەنگ: تۆزێکە لە تێکەڵاوی گەڵاو شاخەکانی تازە گوڵدار بووی شادانە دەیگرن، کە بە هۆی ماددەیەکی کیمیایی کە هەیەتی وەك توتن لە سەر قلیان و دەمنە دەیپێژن و بەکاری دێنن، دیارە گیراوەکە بەنگاوی پێ دەڵێن کە وەك ئاو دەیخۆنەوە و مادەیەکی لێ دروست دەکەن کە لە کاری پزیشکی دا کەڵکی لێ وەردەگرن.

چەرس : ماددەیەکە، وەك بنێشت ، هۆشبەر و کیمیایی لە ڕووەکی شادانە دروست دەکرێ. بۆ ئەو کارە شادانە لە نێو پارچەیەکی زبر دەگوشن تا ئەو ماددەیە لە نێو پارچەکە دێتەدەر و بە کار دەهێنن لە گەڵ جگەر و قلیان (بەدری ، ٢٠٠٧ ، ٧٠).

**ج- مادده هۆشبەرە دەستکردەکان یان کیمیاییەکان**

مادە ڕێگە پێنەدراوەکان بە پێی فۆرمۆلی کیمیاویی خۆیان پێناسە دەکرێن، بۆخۆ دزینەوە لەو کۆسپە یاسایانە، کیمیازانەکان نهێنییەکان، پێکهاتەی مولکولی ئەو مادده ڕێگەی پێنەدراوانە بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مادەی وە ك خۆیان لە ژێر ناوی مادده دەستکردەکاندا دەگۆڕن، ئەو مادانە دەتوانن سەدان جار بەهێزتر لەو مادانەی بن کە لێیان دروست دەکرێن (ئەلیسکەندەر،٢٠٠٧، ٥٧). مادده هۆشبەرەکان کە لە کارلێکی سادە لە مادده دەرهێنراوەکان لە ڕووەکی مادە هۆشبەرەکە ئامادە دەکرێن، بە جۆرێك کاریگەرییەکەی زۆر لە مادده سروشتییەکە بەهێزتر، لە لایەن تاقیگەی دەرمان و کۆمپانیاکانیانەوە یان لە لایەن تاقیگەی ناوەندەکانی توێژینەوە، وەك ڤالیۆم و ئەمفیتاميناتەکان.بەرێگەی کیمیاوی و لە سەر شێوەی حەب و گولاج و شروب و دەرزی بەرهەم دەهێنرێن (صعب، ٢٠١٥). هەربەکە لە "خەوێنەرەکان و ئارامبەخشەکان"دەچنە ئەم خانەیەوە.دەرمانەکانی دژە خەمۆکی Antidepressant drugs"ودژە دڵەڕاوکێ"Antianxiety drugs"ودژەسایکۆت یك Antipsychotic دەگرێتەوە. وەکو : هەڵوەسکارەکان ، ئەمفیتامینەکان ، باربیتۆرەکان ، کپتاگۆن (نیازی ، ٢٠٠٠).

بەکار هێنەری ئەم مادە دەستکردانە هەندێک نیشانەی لێ دەردەکەوێت وەك نەخۆشیی پارکێسون و لەرزینی کە بە دەست خۆی نەبێ، لە هۆش خۆچوون، قسەکردنی ناڕوون، لەدەستدانی هاوسەنگی وسەدەمەی مێشك کەچاك نابێتەوە . ئامیفتامین و میتفتامین کاریگەریەکانیان لە رووی دەروونیەوە بریتیە لە: پەرێشانی، خەمۆکی وبەدگومانی، مادەیەك کە تەنانەت بەکارهێنانەکەی بە رێژەیەکی کەمیش دەبێتە هۆی ئازاری میشک، دروستکراوی لیکچووی فین سیکلیدین کە دەبێتە هۆی بە هەڵەچوونی هەستەکان، خەیاڵاتی بوون و کەموکوری لە تێگەیشتندا (ئەلیسکەندە،٢٠٠٢، ٥٧).

## دووەم/ گەنج وقۆناغەکانی گەنجی

گەنج، بیرو باوەڕ و هیوا و ئاواتە بۆ دوارۆژ، گەنج سمبول و نیشانەی هێز و گەشەیە، کاتی گەنجێتی کاتی ئەویندارى و تێکوشان و پێشکەوتنە، چینی گەنجان لە هەمانکاتدا بەرهەمن و بەرهەم هێنەریشن، گەنج چینی گۆڕانخوازییەو لە هەموو وڵاتێك گەورەترین شەپۆلە بۆ سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران. لە زۆربەی شۆڕش و گۆڕانخوازییەکانی جیهاندا، سەرەکترین فاکتەری بەرهەم هێنان و چاکسازی و چاکخوازی لایەنی ئابوورییە، بەڵام لە کاتی تێکچوونی هەروڵاتێك، کە سیاسەتەکەی، توشی گرفتاری گەندەڵی ببێت، ئابووریەکەی بێ سیستەم و بێ بەرنامە ببێت، ئەدەبیاتی پەشێو و بێ چوارچێوە بێت، زمان و کولتوور و هەست و بیر وباوەڕی لاوازببێت وتووشی نەهامەتی ببێت، ئەوکاتە گەنجان و لاوان یەکەم و نزیکترین توێژی کۆمەڵگان کە باج کەی دەدەن (عبدالرحیم،٢٠٢٠، ٥)

گەنجان گەورەترین توێژی کۆمەڵگان کە لەوبارەیەوە رۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندیی دەروونی گەنجەوە، زۆر بەکەمی رازی ئەبێت کەلتوری کۆمەڵگا زاڵ بێت بەسەریدا.ئەمەش هەنگاو ێکی گرنگە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە هەندێك جار یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە نێگەتیڤە، بەڵام ڕەفتارێکی چاوەڕوانکراوە لە گەنج، لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی ودەروونی وجەستەییەکانەوە، لە قۆناغی گواستنەوەدایە (سعید،٢٠٠٤ ، ١٦).

بەپێ ئامار رەسمیەکان دانیشتوان سەر رووی زەوی نزیکە (٧)ملیارد کەس زیاترن ولەهەر (٥) کەس لە دانیشتوانی سەر رووی زەوی ئەو کەس کەیان گەنجە کە تەمەنی لە نیوان (١٥- ٢٥) ساڵیدایە کە دەکاتە رێژەی لە (١٨٪) دانیشتوانی جیهان کە زۆربەی گەنجان، کە زۆربەیان لە کیشوری ئاسیادان و کەمترینیان لە کیشووی ئەوروپادان (بیگی، ١٣٨٤ ، ٧٠).

هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش پشت بەحوکمی برگەی (یەکەم) لە ماددەی یاسای ژمارە یەك ساڵی (١٩٩٩) هەموار کراو لە سەر داوی

ئەنجوومەنی وەرزیرانی حکومەتی هەرێم، یاسای ژمارە چواردەی ساڵی (٢٠١٠) یاسای وەزارتی رۆشنبیری و لاوان لە ماددەی یەکەم لە برگەی چوارەم دا، تەمەنی گەنجیەتی بەم شێوازە داناوە (لاوان: ئەو توێژەن کە تەمەنیان لە نێوانی (١٤) ساڵ تا(٣٤) ساڵ دایە) (یاسای وەزارتی وەرزش و لاوان.( ٢٠١١) .

وەزارتی پلان دانان ، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە راپۆرتیکدا، پێشبینی ئاماری دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی کرد ووە، لە ساڵی (٢٠٠٩) تا (٢٠٢٠) و رێژەی دانیشتوانی بە پێ تەمەن جیا کردووەتەوە کە رێژەیی گەنجان و لاوان بە پی پێناسەکەی حکومەتی هەرێم دەست نیشان دەکەین، کە بریتی لە رێژەی گەنج، کە تەمەنیان لە نیوان (١٤-٣٤)ساڵی دایە، تا ساڵی(٢٠٢٠) بەم رێژەیە دەکاتە( ٢,٢٠٢,٨٦٣) کە دەکاتە( ٥,٢٨ ٪) دانشتوانی هەرێمی کوردستان ، کە گەنج لە کۆی ژمارەی پیشبینی کراوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە (٦,١٧١,٠٨٣) ملیون کەس دەبێت تا ساڵی (٢٠٢٠)(دەستەی ئاماری هەرێم).

## سێیەم: گەنج و مادده هۆشبەرەکان:

توێژینەوەکان ئاماژە بە زیادبوونی رێژەی جگەرە کێشان وخواردنەوەی مادە کحولیەکان بێهۆشکەرەکان دەکەن لەنێو گەنجاندا.لە بواری هۆکارە پەیوەندیدارەکان لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندا، توێژینەوەکانی ئەم دواییە سەرنجیان لەسەر چەندین هۆکار داوە و هەرچەندە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکاندا جەختیان لەسەر دەکرێتەوە، بەڵام بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان هەندێك جار پەیوەندیان بە پرۆسەی بایۆلۆژی و دەروونیشکارەوە هەیە. هەروەها توێژینەوەکانی پەیوەست بە هۆکارە بایۆلۆژی و بۆماوەییەکان وەك هۆکارێك کە کاریگەرییان لەسەر ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان هەیە، بە خێرایی فراوان دەبن (Newcomb،١٩٩٥). لە بواری تاک فاکتەرەکاندا، گرنگی بە پەیوەندی نێوان کێشەکانی خۆڕێکخستن و کێشە مەعریفیەکان دراوە وەک بێتوانایی لە پلاندانان، کێشە لە سەرنجدان، تێگەیشتن، سەختی، رق لە خۆ، و کۆنترۆڵی جووڵەیی لەگەڵ خراپ بەکارهێنان، خراپ مامەڵە کردنی. هەروەها هەندێك لە توێژەران فاکتەرە خێزانییەکانیان وەك هۆکارێك بۆ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان روون کردۆتەوە و دەریانخستووە کە بوونی کێشەی دەروونی وەك خەمۆکی و دڵەراوکێ لە دایکاندا پەیوەندی بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە منداڵاندا هەیە. بەپێی ئەم دۆزینەوانە پسپۆڕانی بواری خۆپاراستن جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە بەرنامەکانی خۆپارێزی گەنجان لە تەمەنێکی کەمتردا بگرێتەوە بۆ دەستێوەردان، چونکە ئەو بەرنامانەی پێش خوێندنی ئامادەیی گەنجان دەکەنە ئامانج دەتوانن زۆر سەرکەوتوو بن لە رێگریکردن لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و بەکارهێنانی لە تەمەنی پێگەیشتوودا. دارشتن و پەرەپێدانی بەرنامەکان بۆ رێگریکردن لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا پێویستی بە تێگەیشتنێکی دروست هەیە لە بڵاوبوونەوە وهۆکارە پەیوەندیدارەکان بەم دیاردەیە (٢٠٠٤، Springer & Herman Sambrano ).

لە هەرێمی کوردستان بیرە و کحول یەکەم ماددەن کە گەنجان دەیخۆنەوە، پاشان جگەرە و کحول بە رێژەیەکی بەرزدەخورێتەوە، لەگەڵ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرە نایاساییەکانی ترکە بە دەگمەن پێش تاقیکردنەوەی حەشیش روودەدات. لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکاندا، رەفتاری دایك و باوك زۆر گرنگە لە مەیلی خواردنەوەی کحولی زۆر گەنجاندا، لە قۆناغەکانی دواتردا کوالێتی پەیوەندی نێوان دایك و باوك و منداڵ گرنگە، بەجۆرێك گەنجان گرنگن بەشدارە لە فۆرمەکانی مەترسیدارتر لە بەکاربردن. ئەم جۆرە دۆزینەوانە سەبارەت بە کاریگەری نێوان کەسی زنجیرەیەك رەفتار، بەها و هەڵوێست بەسوودن بۆ باشتر تێگەیشتن لە سروشتی جموجوڵی بەکاربردن. تایبەتمەندی هاوشێوە هەیە سەبارەت بە رۆڵی رەفتارە تاوانبارەکان. رەفتارە تاوانبارانە جیاوازەکان زۆر گرنگن لە دەستپێکردنی خواردنەوەی کحولدا، بەڵام رۆڵێکی کەم دەگێرن لە دەستپێکردنی مادده نایاساییەکانی تر(١٩٤،٢٠٠٤،Litieri et al)

تیۆرە دەروونی وبایۆلۆژیەکان سەبارەت بە ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە باس لە هۆکارە تاکەکەسیەکان دەکەن وەك هۆکاری سەرەکی، لە کاتێکدا تیورییەکان تر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان وەك هۆکاری سەرەکی دەخەنە روو، گۆرانکارییە سەرەکییەکان بریتین لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە قۆناغە سەرەتاییەکان یان هۆکارە دەروونییەکان لە قۆناغەکانی دواتردا.

دیاریکردنی قۆناغەکانی کەڵەکەبوون لە رەفتارەکانی بەکارهێنانی هەر مادەیەکدا کاریگەری میتۆدۆلۆژی و چەمکی گرنگی هەیە بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی پەیوەست بەو بەکارهێنانەو، یان وەك هۆکار یان وەك دەرئەنجام. رەنگە پەروەردەی تایبەت ملکەچی بنەما و مێژووی کولتووری بێت.

## رێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

### ١ میتودی توێژینەوەکە

توێژینەوکە جۆرێکی وەسفکەر-روونکردنەوەدایە و بە بەکارهێنانی شێوازێکی چۆنایەتی ئەنجام دەدرێت،هەروەها هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم شێوازە بۆ چەند هۆکارێکە: یەکەم: بە پێی زانیاری توێژەر توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە یان بە شێوەیەک توێژینەوەیەك کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لە (هۆکارەکانی بڵاوبونەوە مادده هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا) نەکراوە وهیچ زانیارییەکی دیاریکراوی پاشخانیشی لەو بارەیەوە نییە. دووەم: بەو پێیەی"رەنگدانەوەی توێژەران سەبارەت بە کردار و تێبینیەکانیان لە بوارەکەدا، تێڕوانینەکان، بێزارییەکان، هەستەکان و پێکهاتەکانیان دەبنە داتایەك کە بەشێك لە لێکدانەوەکە پێکدەهێنن" (فلیك، ١٣٨٨، ١٨)، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی ئێستا لە سروشتی خۆیدا ( ئالوودەبووان وەك نەخۆشە کۆمەڵایەتییەکان) بە جۆرێکن کە پێویستیان بە پەیوەندی یەکتر هەیە لە نێوان توێژەر و چاوپێکەوتنەکەدا، بۆیە توێژەر هەوڵدەدات شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی بەکاربهێنێت. (او فلیك ) لە گرنگی و پێویستی شێوازی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی و گرنگیدان پێی دەڵێت "لێکۆڵینەوە لە مانا دەروونییەکان و کردار و ئەزموونە رۆژانەکان بەقەد بیرکردنەوە لە گێرانەوە و گوتارەکان پێویستە" (فێلیک هەمان سەرچاوە،١٣ ) . پەیوەندی کۆمەڵایەتی توێژەر لە میتودی چۆنایەتیدا، بە پێچەوانەی میتۆدی چەندایەتییەوە، کە بە گۆڕاوێکی تێکدەر دەزانێت، دیارە بە بەشێک لە مەعریفە دادەنرێت. عەقڵیەتی توێژەر و ئەوانەی لێکۆڵینەوەیان


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لەسەر دەکرێت، دەکەنە بەشێک لە پرۆسەی توێژینەوەکە. ئەم میتۆد بریتییە لە کوکردنەوە ، شرۆڤە کردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی تێگەیشتنێکی قوڵ و گشتگیر بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، لە ڕێگای پشتبەستن بە ئامرازەکانی وەك تێبینی وچاوپێکەوتن و بەڵگەنامەکان (العزاوي ،٢٠١٦ ،١٠٠) . بەمەبەستی کوکردنەوەی زانیارییەکان ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهێنراوە بە ئامانجی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی نموونەکە کراون بۆ شیکردنەوەی وەلامەکانیش پشت بە ئامرازی شیکاری بابەتی بەستراوە بە پێی ئەم ئامرازە وەڵامەکان پۆلینکراون بە پێی ریزبەندیی پرسیارەکان بەش لێکچووەکان دابەشکراونەتە سەر چەند تەوەرێکی دیاریکراوە دواتر شیکردنەوەی بۆ کراوە لە بەر ڕۆشنایی وەڵامەکان ئەنجامەکان خراونەتەروو

کۆمەڵگا توێژینەوەکە: کۆمەڵگای توێژینەوەکە، هەموو ئەو تاکە، یان دامەزراوە، یان کەسانی پسپور دەگرێتەوە، کەدەکەونە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەوە، بەپێی ئامانجی توێژینەوەکەی توێژەر لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات (ترکی،٢٠٠٦ ، ١١٠). لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە کەسانی پسپۆری وشارەزا کە (کاریان کردوو لە بواری مادەهۆشبەرەکان) کە (١٣)کەسی شارەزا لە بواری مادده هۆشبەرەکان کە بریتی بوون لە (٣) پزیشکی دەروونی(٦) توێژەی کۆمەلایەتی و(٢) بەرپرسی ڕێکخراوی مادەهۆشبەرەکان و(١) داواکاری گشتی و(١) بەرپرسی بەڕێوبەرایەتی مادەهۆشبەرەکان لە هەریمی کوردستان ئەنجامدراوە .

## ٢- نموونە توێژینەوەکە:

توێژەر پێویستە بەرلە دیاریکردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەستنیشانی نموونەی توێژینەوەکەی بکات تا بزانێت ئەو ئامانجانەی کە لە توێژینەوەکەیدا هەوڵیان بۆدەدات ئاراستەی چ دەستەیەکی کۆمەڵگایان دەکات و لەسەرچ بنەمایەك وەریان دەگرێت چونکە نائاشکرایی و ئاڵۆزی و کەمی زانیاری توێژەر لەسەر وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکەی لەوانەیە گرفت لەبەردەم ئامانجەکانیدا دروست بکات. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر نموونەی توپەڵەی بەفری سەرا ولێژی وەرگرتوە چونکە لە ڕێگای کەسانی شارەزا لە بواری مادە هۆشبەرەکانەوە بە ئاسانی نادوزرینەوە ئەگەر لە ریگای کەسانی تر و نەبێت.هەر بۆیە ئەو (١٣) کەسە شارەزایانە لە بواری مادە هۆشبەرەکانەوە وەرگیراون لە قۆناغی تاقیکردنەوەدا کە(٩) کەس بوون هەست بە دووبارە بوونەوەی وەڵامەکان دەکرا.هەروەها بویە لە (١٣) کەسە کە زیاتر وەرنەگیرا لە بەر ئەوە بە ئامانج توێژینەوەکەمان بگەین.

## ٣-ئامرازەکانی کوکردنەوەی زانیاری

### آ-چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی توێژینەوە بۆکۆکردنەوەی زانیاری لە ژینگەی کۆمەڵایەتیو دەوروبەر. توێژەر پشت بە چاوپێکەوتن دەبەستێت بۆ ئاسانکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری ورد و بابەتیی لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە، چاوپێکەوتن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان دوو کەسدایە یەکەمیان توێژەر (Interviewer) وئەوی دیکەشیان کەسی لێتوێژراوە (Respondent)توێژەر بەشێوەیەکی زارەکی ڕاستەوخۆ پرسیاری مەبەستدار ئاراستەی کەسە لێکۆڵراوەکە دەکات و چاوەڕوانی وەڵام دانەوەی لێ دەکات، ئەمە لەکاتێکدا زیاتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە توێژەر کەشێکی دەروونی گونجاو بۆ بەرامبەرەکەی برەخسێنێت بەوەی کە لە پاراستنی نهێنی وەڵامەکان دڵنیای بکاتەوە بۆ ئەوەی وەك پێویست وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە(الحسن، ٢٠٠٥،٩٣).جۆری ئەو چاوپێکەوتنەی کەلەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوە بریتی یە لە چاوپێکەوتنی (ڕێکخراو) مەبەست لە چاوپێکەوتنەش بەشێوەیەکی وورد پرسیارەکان دیاری کراون، توێژەر ئازادی دەداتە لێکۆڵراو بەمەبەستی قسەکردن لەسەربابەتی توێژینەوەکە.

### ب- شیکاری وەڵامەکان

بۆخستنەروو ئەو زانیاریانەی بە دەستهاتوون ئامرازی شیکاریی بابەتی بەکارهێنراوە بەوەی کە لە شیکردنەوەی زانیارییە چونایەتییەکان بەکار دەهێنرێت بە مەبەستی ڕێکخستن ودانانی زانیارییەکان لە سەر چەند بابەتێک یان تەوەرێکی دیاریکراودواتر شیکردنەوەی و شروفەکردنیان لە پێناو دوزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی تویژینەوەکە شیکاری بابەتی لە ڕێگای تیشکخستنە سەر بەشە هاوبەشەکان دەبێت لە نێوان زانیارییەکان دواتر پۆلینکردنیان بۆ تەوەرەی دیاری کراو(العدساني ٢٠١٧ ، ٢). کە هەر چاوپێکەوتنی نیو کاتژمێر تا کاتژمێرکی خایاندوە دوای تۆمار کردنی دەنگ و نوسینەوەی زانیارییەکان بە پێی پرسیارەکانی تۆێژینەوەکە پۆلێنکراون و بە پێی ئەو تیۆریانە کە باسکراوەن شیکردنەوە بو وەڵامەکان کراوە .

**خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە و دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان و سەرچاوەکانی توێژینەوەکە.**

**یەکەم : خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە**

دوای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە ئەو زانیاریانەی کە کوکراوانەتەوە بە پێی پرسیارە سەرەکەکانی توێژینەوەکە بۆ دۆزینەوەی هۆکارە کانی بڵاوبونەوە مادە هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا، لە ئەنجامەی وەڵامەکاندا دابەش دەبێت بۆ چەند تەوەریەکی سەرەکی کە شیکاریان بۆ دەکرێت، وە بە پێی گرنگی تەوەرەکان ڕێزبەندی دەکریت

**١-هۆکاری خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان**

چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی هەیە کە وا لە مرۆڤ دەکەن کە لە تەمەنی گەنجیدا تووشی خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان ببێت. وەکو تێکچوونی شیرازەی خێزان و سستی و لاوازی و کەمبوونەوەی پەیوەندەیەکان لە ناو خێزان و سنووورداربوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ خزم و هاوکاران و دراوسێیەکان، پابەندنەبوون وگوێنەدان بە بنەماکان، دابونەرێتی خێزانی و بەهاکانی، بێ توانایی و نەبوونی هەستی بەرپرسیارییەتی و دروستبوونی بێ بەندوباری و نەمانی پابەندییە ئایینە ئەخلاقییە کۆمەڵایەتییەکان، بەرزبوونەوی ڕێژەی جیابوونەوە ژن و مێرد، و دوا کەوتنی کەمبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری لە نێو گەنجاندە و هەڵوشانەوەی خێزان و بە سەرپەرشت بوونی منداڵان پەروەردە نەکردنیان، ودروست بوونی توندوتیژی خێزان لە رووی ئازاری جەستەیی ودەروونی سێکسی وە (بختی،٢٠،١٣٨٢) .

(هۆکاری کۆمەڵایەتی نەبوونی خۆشەویستی لەلایەن دایك و باوکەوە، لەڕادەبەدەر سۆز و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی سەربەخۆیی تاک، سنووردارکردنی زۆر، جیاکاری لە نێوان منداڵان، زەبر و زەنگی سۆزداری، لەدەستدانی ئەندامانی خێزان، پەیوەندی نەگونجاو لە نێوان دایک

و باوک یان جیابوونەوە، ئالوودەبوونی ئەندامێکی خێزان، هۆکارەکانی بڵاوبونەوە مادده هۆشبەرەکانە لە نێو گەنجاندا )(( ئا .م .توێژەری کۆمەلایەتی)

لاوازی و خراپی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان بە تایبەت نێوان باوك ودایك، وە ململانە بەردەوامەکان و هەستی ڕکابەرایەتی نێوانیان بوونی پەیوەندی نەشیاو لە نێوان دایك و باوك و نەبوونی خێزان وەك ژینگە و سەنتەرێکی گونجاو بۆ ژیانی مرۆڤ هەولدەدات زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوەی خێزاندا بەسەر ببات ولەو ڕیگایەوە پەیوەندی لە گەڵ کەسانی ئالودە بوو دروست دەکات . (تایبر،١٣٨٣، ١٨٣)

(تەلاق یان جیابوونەوەی یان مردنی دایك یان باوك یان هەردوکیان ئەمە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان وا دەکات کە مندالەکان سەرگەردان بی سەرپەرشت بین و نەبوونی پەروردەکە باش وا دەکات کە مندال تووشی مادە هۆشبەرکان بن.) ( د، ن ،توێژەری کۆمەلایەتی)

وە ئاماژە بە تیۆری هەڵسوکەوتی خێزانی، خێزان بەرپرسە لە پێکهێنانی کەسێتی گەنج و خێزان چوارچێوە گشتییەکەیە کە کۆی ڕۆلە جیاوازەکان فەراهەم دەکات، لێرەوە ئەو خێزانەی کە نەتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ گەنجدا بکات، ئازادییەکانی گەنج سنووردار بکات، وەك مندال مامەلە لەگەڵ گەنجدا بکات، ئەوا گەنج توشی دڵەراوکێ (قلق) ولەدەستدانی متمانە بەخۆی و بە خێزان دەبێت، هەروەها جیاوازیکردنی نێوان مندالان لە لایەن دایك وباوك نازپێدانی زیاد ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر گەنج دەبێت، لەگەل ئەمانەشدا کێشەی هەژاری خێزانەکان ڕۆلێ هەیە لە پڕنەکردوەی پێداویستییەکانی گەنجان کە ئەمەش ترس لە داهاتوو دروستدەکات (غباری ،١٩٨٩).

(خێزان ناوەندێکەی پەروەردەیە بۆ مندال لەڕووی گواستنەوەی کەلتوورو دابونەریتەکانەوە وکاریگەری خێزان لە رووی دەروونیەوە لەسەر مندال زۆر بەهێزە چونکە ڕێزو بەهای خۆی لە خێزانەوە وەردەگرێت بەتایبەتی شێوازی ڕەفتارکردن لەگەڵیدا لە ماڵەوە، چونکە بەهاکان سەرەتای تەمەنەوە تێکەڵ بە کەسێتی مرۆڤ دەبن) (م .م، توێژەری کومەلایەتی)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گروپە هاوتەمەنەکان لەگەل ئەوەی مندالان دەگەنە تەمەنی هەرزکاری و گەنجی، ئیتر کاریگەری خێزان لە سەریان کەم دەبێتەوە و زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەلایەتی و شوێنی نیشتەجێ بوونیان و گروپی هاوتەمەنەکانیان، ئەم گروپە پێك دێت لە مندالانی تیپی یاریکردن، گروپ هاوریان گەرك، گروپ برادەران لە ناو خزمان و بنەماڵەدا ئەم گروپانە لە رووی پێگەی کۆمەلایەتییە و تارادەیەك لە یەکترنزیکن، لەم گروپانەدا تاکەکان بۆچوونی یەکتری قبوڵ دەکەن بۆ ئەوەی یەکتریان خۆشبوێت و کاریگەریشیان دەبێت لە سەر یەکتری بە هەبوونی هاوری خراپ دەبێتە هۆی برینی پەیوەندەی لە گەڵ ئەندامانی خێزان.

## ٢-هۆکاری تاك کەسی و دەروونیەکان

- هۆگریەتی هەندێك کەس لە کۆبوونەوەی هاوریان یان کۆبوونەوەی خێزانی ئامادەن کە مادە هۆشبەربەکاربێنن و بەکارهێنانی دەبێتە هۆی ورووژاندنیان و بریاری ئەزموونکردنی دەدات و یەکەم ئەزموون کردنی زوربەری کات ئەریني و ئیتر وردە وردە دەبێتە بەکارهێنەری مادەی هۆشبەر.کاتێك کەسەکە دوای وەرگرتنی مادده هۆشبەرەکان هەست بە خۆشی و چێژە وەرگرتن دەکات کە لە کاتی ئاسایی دا ئەو جۆرە هەست لای دروست نابێت بۆیە هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەك بێت ڕۆژێکی تر لە ژیانیدا ئەم هەستە لای دروست بێت کە ئەمەیش چەندجاری دووبارە دەکاتەوە تا دەکاتە قۆناغی ئالودەبون( جماليان، ١٣٧٨))متمانە بە خۆ نەبوون هۆکار کە تاك کان دەچن بە لای مادە هۆشبەرەکان کاتێك کە نفس زاڵ دەبێت بەسەر عەقل دا ئیتر ئەو متمانەو باوەر بوون لە دەست دەدات و گەنج کە پەنا دەبات بە بەکارهێنانی مادە هۆشبەرە) (ز، م ،دوکتوری دەروونی ).

بۆسەلماندنی وەڵامی (دوکتوری دەروونی ) ئاماژە بە تیۆری زانا (باندورا) ئەدەین کە پێی وایە هەموو تاکێك کۆمەڵێك گریمانە دادەنێ لەبارەی جۆری ئەو رەفتارانەی کە لە بارودۆخە جیاجیاکاندا ئەنجامیان دەدات و دەیگەیەنێتە ئامانجەکانی و دەرئەنجامی، وە ئەم گریمانانەش دەکەوێتە سەر دەرئەنجامی رەفتارەکانی و تا چ رادەیەك پاداشت و سزای دەست دەکەوێت لەسەری و پێی وایە زۆرترین فێرکردن لەلای تاك لەرێگای تێبینی کردنی رەفتاری کەسانی ترەوە دەبێ و دەرئەنجامی رەفتارەکانیان بە تایبەت کە مرۆڤ هەمیشە کاریگەرە بە بیروبۆچوونو ئاراستەکان و فەرمانو هەڵسەنگاندنی کەسانی ترە(Peter، Farrow، ١٩٩٠).

(فشاری زۆری دەمارەکان ، نەبوونی ئاگاداری مرۆڤ لە مەترسیەکانی مادده هۆشبەرەکان تێکچوونی کەسایەتی وەك گۆشەگیری و نەبوونی متمانە بەخۆبوون، کارەکتەری لەرزۆك و کەم گەشەسەندوو، ئارەزووی ئەزموونکردنی ژیان بەبێ کێشە، هاندانە چارەسەرییەکان بۆ کەمکردنەوەی ئازار بەبێ رەچەتەی پزیشك، فێربوون و لاساییکردنەوە) (ج،ع، د.دروونی )

بەبۆچونی لێتوێژراوی دەرونی (ج،ع، د.دروونی ) ئەو جۆرە کارو چالاکییەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەئارەزووی بۆ مادە هۆشبەرەکان، بەمەبەستی هێورکردنەوەی ماندووبوونی جەستەیی و دەروونی کە بە هۆی زۆری کارە وە تووشی دەبێت بە نموونە لیخۆرین ئوتومبیل ، کار کردن لە کان بەردەکاندا.

## ٣-هۆکاری سیاسی

بە بۆچونی بەرپرسی رێکخراو (ئەوی ئەمرو رودەدات هەست دەکرێت وڵاتانی ناوچەکە وەکو ئیران و تورکیا ومادانە دەهێنن ناوکوردستانەوە تا لەو رێگایەوە هێزی کوردستان کە لە گەنجان سەرچاوە دەگرێ لاواز بکات و بتوانی بە بێ گرفت سیاسەتەکانی لەم بەشەی کوردستاندا، تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان کەسانی ترسنۆك، بێ غیرەت، بی ئیرادە و لاواز باردێن کە بۆ بەدەست هێنانی مادده هۆشبەرەکان ئامادەن هەموو چەشنە کارێك لە خۆفرۆشییەوە تادزی و.... بکەن)(ئ،م، بەرپرسی رێکخراو)

بازرگانی مادە هۆشبەرەکان هەمیشە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە، وە وولاتە بەهێزەکانی ئەمرۆی جیهان بۆیان دەرکەوتوە کە بۆ بە دیهێنانی بەرژەوەندییە مرۆیی و ئابووری و کولتورییەکان دەست بەسەرداگرتنی سەرچاوەی سروشتی و ژێر زەویی و زاڵبوون بە سەر وڵاتانی وابەستەدا، بلاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و تووشکردنی چالاکترین چینی کۆمەڵگا کە گەنجان و لاوانن بەو مادانەوا، یەکێك لە دیارترین ئەو ناوچانەی کە کاریگەری لە سەر فاکتەری سیاسی هەیە لە سەر بڵاوبوونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوەیە ناکۆکی ناوچەیی رەگەزی وئاژاوەی ناوخۆییە کە بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتی داگیرکاری لە بەرزکردنەوەی مادە هۆشبەرەکاندایە.

هەروەها (کارل مارکس) لە تیۆری کۆمەڵگەدا جەخت لە سەر ئەم بابەتە دەکاتەوە دەڵێت: کاتێك هەندێ لە تاکەکان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، ئەوان ئەو دەسەڵاتەیان بۆ پاراستنی پێگەکانی خۆیان و زیادکردنی سامانەکەیان بەکاردەهێنن، لەبەر ئەوە هەرکە نایەکسانیی ئابووری سەرهەڵدەدات، مەیلێکی بەهێز بۆ دەوڵەمەندەکان لە ئارادا دەبێت کە دەوڵەمەندتر بن و تێکرای بونیادی کۆمەڵایەتی و هەروەها پێگەکانیان لەو بونیادەدا جۆرێکی کاریگەر بپارێزن (شارۆن، ٢٠٠٩، ٦٣).

(لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئالودەبوون لە کۆمەڵگادا داگیرکەران بازارێکیان بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا دامەزراندووە و ئەم بازارانە بە هۆی پشتبەستنیان بە دەسەڵاتی داگیرکەری و دەبێتە هۆی ساغ کردنەوە بەرهەمەکانیان) ((ر.و بەرپرسی ڕێکخراو ))

**٤-هۆکاری ئابووری**

بێکاری وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زەمینەیەکی گۆنجاوە بۆ لادان و تاوان بەتایبەتی ئالودەبوون .بێکاری و هەژاری نەبوونی کارو سەرقاڵ بوونی گەنج بە کارەکەیەوەکەوە و ئەو کات بەتاڵی کە هەیەتی و نازانێت چوون بەسەری بەرێت و خۆی لە گازینۆ چایخانە و شوێنانە دەبێنیتەوە کە ماددەی هۆشبەر تێدایە ، چونکە زۆربەی کاتەکانیان لە چایخانەو نێرگەلە خانە کان بەسەر دەبەن و ئەمەش باشترین و گۆنجاوترین شوێنە بۆ فروشتن بەکارهێنانی مادە هۆشبەرکان.

بە بۆچونی لێتوێژراو (بیکاری و هەژار یەکیکی تر لە دەردە کۆشندەکانە لە کوردستاندا دەگۆزرێت بە هەزارن دەرچووی زانکومان هەیە هیچ کاریکیان نیە ئەم وای کردوو زۆربەی گەنجەکانمان روو بەکەنە کافتریاو گازینوکان تووشی مادە هۆشبەرەکان ببن )(( س.م.بەرپرسی ڕێکخراو))

جیاوازی چینایەتی لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە بە هۆی جیاوازی چینایەتی لە بواری ئابوریەوە وا دەکات کە گەنجان ئارەزویان زیاتر بیت بو بەدەست هینان و ئالوگوڕپێ کردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە بە مەبەستی بازرگانی و بەکارهێنانیان، بە پێ توێژینەوەکان کۆمەڵگای ئەمریکی زۆرترین ڕێژەی ئالودەبوونی هەیە بە هۆی بوونی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتییەوە لەو کۆمەڵگایەدا، چینایەتی ئەو کۆمەڵگایە دوژمنایەتی کۆمەڵایەتیش زیاد دەکات و ڕەنگە مادە هۆشبەر چارەسەرێکی گونجاو بێت بۆ خەڵکی لەم بوارەدا.ئەو کاتەی داهاتەکان بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکرێن، هەژاران تا دێت هەژارترو دەوڵەمەندانیش دەوڵەمەنتر دەبن و جیاوازییە چینایەتییەکان زیاتر دەبێن و کەسانێك کە ناتوانن دژی ئەم نادادپەروەرییان بوەستنەوە، هەست بە بێبەشبوون دەکەن .و ئیتر زەمینە خۆش دەبێت کە زیاتر ڕوو لە مادده هۆشبەرەکان بکەن (اورنگ، ١٣٩١، ١٢).

(هۆکاریکی تر ئەوەیە کە بەرهەم هێنەران هەوڵ دەدن دەست بکەن بە دابەشکردنی مادە هۆشبەرکان لە لای ئەو کەسانەوە کە لە رووی ماددەیەو زور هەژارن و هیچ ئەزموونێکی بازاری کاریان نیە و سەرەتا ئەو کەسانە فیر دەکەن کە ئالودە بوون و دواتر لە ڕێگای ئەوانەوە دەست دەکەن بە دابەش کردنی مادە هۆشبەرەکان کە پێویستی بە شارەزایی زۆر نیە و داهاتێکی باشیشی دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە هەژارن.) ((ت، ن، توێژەری کۆمەڵایەتی ))

**٥- لاوازی جێ بەجێ کردنی یاساکان**

نەبوونی یاسای جدی قەدەغەکردنی بە رهەمهێنان و کرین وفروشتن و گواستنەوە و بەکارهێنان دەبێتە هۆی زۆری و هەرزانی مادە هۆشبەرەکان، لاوازی و کەمتەرخەمیی لایەنی پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنی یاساکان، بۆیە ئەو وڵاتانەی کە یاسای توندیان هەیە بۆ بەرەنگار بوونەوەی مادە هۆشبەرەکان، هاوڵاتیان کەمتر تووشی دەبن و ئاماری تووشبوانیان زۆر کەمتر ، چونکە یاسا یەکێك لە ئامرازی هەرە گرنگی کۆنترۆڵی ئەندامانی کۆمەڵگایە.

(لە پیش ساڵی ٢٠٠٣ لە هەریمی کوردستان دیاردە ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان زۆر کەم بوو ئەویش بە هۆی ئەوە هەرکەسێک ماد هۆشبەر بەکاربهینایە ئەو لە سیدار دەدرا بەڵام ئیستا یاساکە بەرکار بەڵام جێ بە جی ناکریت و لە ساڵی ٢٠٢٠ هەریمی کوردستان یاسای مادە هۆشبەرکان دەرکردوە بەڵام بە لاوازی جوت بوای جێ بە جێ کردنەوە).(( ب ،ع ، داوکاری گشتی ))

یەکیك لە هۆکارەکانی خۆوگرتن بە مادە هۆشبەرەکان بەردەستبوونی و هەرزانی مادە هۆشبەرەکانە لە و شوینەدا کە تێدا دەژیت واتە شوێنی بەرهەمهێنان و ئاسان دەست کەوتن لاوازی پشکنین و کۆنترۆلکردن و کۆنترۆڵ نەکردنی سنووری وشکانی وئاوی.و بوونی سنوری جوگرافیایی لەگەڵ وڵاتانی بەرهەم هێنەری مادە هۆشبەرکاندا، ئەمەش هۆکاریکی یاریدەدەرە بو ئالودەبوونی گەنجان. هەروەها کۆچکردن لە وڵاتیکەوە بۆ وەڵاتیکی تر یان کۆچکردنی ناوخۆی لە گۆندەوە بۆ شارە گەورەکان هۆکاریکی ترە کە گەنجان ئالودەی مادە هۆشبەرەکان ببن ئەویش بە هۆی ئەو جیاوازی کولتور ئاییی و نەتەوەییەوە کە لە نیوان تاکە کانی نیو کۆمەڵگا دروست دەبێت و ئەو جیاوازیەش وا دەکات کە گەنجان ناچاردەبن وردە وردە رووبکەنە کارە نایاسایی وخراپەکارییەکان وەك قاچاغی بە مادە هۆشبەرەکانەوە بکەن.

## دووەم : دەرئەنجامەکەنی توێژینەوەکە :

بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەم توێژینەوەیەدا ئەنجام دراون، لە کۆی هەر(١٣) چاوپێکەوتنەکەدا هەموویان جەختیان لە سەر ئەم هۆکارانە کردووتەوە کە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە نێو گەنجاندا وەکو:(هۆکاری کۆمەڵایەتی و خێزانی ، سیاسی و ئابوری ، تاک کەسی و دەروونی، لاوازی جێ بەجێ کردنی یاسا ،....هتد) کە وایە کردوو مادە هۆشبەرەکان رۆژ بە رۆژ روو لە زیادبوون بکەن و بە پێی دواین ئاماری بەریوبەریەتی مادە هۆشبەرەکان کە بەراورد بە ساڵانی رابردوو ئەم ڕێژەیە رووی لە زیاد بوون بوون کردوە، وهۆکارکانیش کە باس کراون هۆکاری کۆمە کەلایەتی و خێزانی بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی تاوان و دزی وبە کارهێنانی توندوتیژی وکوشتن و تێکچوونی شیرازەی خێزان و زیاد بوونی ڕێژەی جیابوونەوە و سەرلێشێوان و ئیهمال کردنی منداڵ ، وە هەرەشەیە بۆ دەستریژی سیکسی بۆ سەر کەسانی دەوروبەر و نەمانی توانای کارکردن و دابران لە خوێندن و تیکچوونی باری ئابووری و بە هەدەردانی داهاتی خێزان، وە دووەم هۆکاریش سیاسی و ئابوریە بە هۆی کرانەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستان بە رووی ووڵاتانی دراوسێیدا، وەك ئێران وتورکیا و سوریا کە ووڵاتی ئێرانش

یەکێکە لە وولاتانی (مانگی ئالتونی) کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ماددەی هۆشبەری تێدایە و هەرێمی کوردستانیش سنورێکی دورو درێژی لە گەل وولاتی ئێراندا هەیە و ئەمیش کەم تا زۆر کاریگەری لە سەر گەنجان هەبووە لە رووی سیاسی و بیکار بوونی گەنجان و دانەمەزاندنیان و هۆکاری دەروونی و تاک کەسی گەنجان و حەز و خولاییان بو تاقیکردنەوە ئەو مادانە ونەبوونی هۆشیاری لە سەرکاریگەریە خراپەکانی مادە هۆشبەرەکان و لاوازی یاسای جێبەجێی کردن ئەمانە هۆکاری بلاو بونەوەی مادە هۆشبەرکان لە ناو گەنجاندا.

سێیەم : ڕاسپاردە

١-بو وەزارەتی تەندروستی دامەزراندنی کلینیکی ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و تەرخانکردنی پارە و کارمەندی ڕاهێنراو بۆ یارمەتیدانی ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان.

٢- بو وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی رەخساندنی زۆرترین هەلی کار بۆ گەنجان

٣-بو وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان بلاوکردنەوەی زانیاری میدیایی گشتگیرو هۆشیاریکردنەوەی گەنجان و هەرزەکاران سەبارەت بە ماددە هۆشبەرەکان بە جۆرێك کە بەرنامەیەکی نووسراو و تایبەت هەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ پەخش کردنی فیلم و زنجیرە دراماکانکە تیایدا کارەکتەرە بەناوبانگەکان گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکان یان کحولیەکانن.

٤-وەزارەتی ناوخۆ بەرکار کردنی یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتن و خواردنەوەی ماددە کحولیەکان بۆ ئەوکەسانەی کە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵەوەیە.

## سەرچاوەکان :

### ١سەرچاوە کوردی


١-بەدری ، مەهدی، ٢٠٠٧ ، ماددەهۆشبەرەکان وبلاو بوونەوەی لە ئێران و رۆژهەلاتی کوردستاندا ,دەزگای توێژینەوەو بلاو کردنەوەی موکریانی ,هەولێر

٢-سعید، شاهۆ, ٢٠٠٤ ، کۆمەلگای گەنج، کۆمەلگای پیر: دەربارەی سۆسیۆلۆجیای تەمەن و دەرکەوتەکانی لە کۆمەلگای کوردی دا, گۆڤاری رەهەند، ژمارە (١٦-١٧، چاپخانەی رەنج

٣-سیوەلی،لوقمان، ٢٠١١، سێبەر تلیاك ، چاپخانەی بینایی ، سلیمانی،

٤-عبدالرحیم، ئارام ، ٢٠٢٠ز، گەنج لە کۆمەلگای کوردیدا، چاپخانەی نما، تاران.

٥-خاڵ، شێخ محمدی ،١٣٦٧ ، فەرهەنگی خاڵ ،بەرگی یەکەم ،چاپ فردوسی ،کتابفروشی محمدی سقز

٦-محەمەد، فائیز ئیبراهیم ,٢٠٠٧ ، خووپێوەگرتن بە ماددە هۆشبەرەکان ، هەولێر ،چاپخانەی خانی،


### دووەم/ سەرچاوە عەرەبیەکان


١-أبو جادو، صالح محمد علي ،١٩٩٨،سيكولوجية التنشئة الاجتماعية،الطبعة الاولى، دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة،عمان

٢-الحسن، احسان محمد ,١٩٩١ ، الاسس العلميه المناهج البحث الاجتماعي ،الدار العربيه للموسوعات ، بيروت.

٣-المهندي، خالد حمد,٢٠١٣ ، المخدرات النفسيه وجتماعيه واقتصاديه في دول مجلس التعاون لدول الخليج العربيه. مركز المعلومات الجنائيه لمكافحه المخد ارت لمجلس التعاون لدول الخليج العربيه، الدوحه –قطر

٤-العزاوي ، سالم جاسم محمد، ٢٠١٧ ، البحث الكيفي في العلاقات العامه ، دراسه تحليليه، بغداد ، جامعه البغداد

٥-العدساني ،هبه، ٢٠١٧ ، تحليل بيانات البحث ا لنوعي : كيف احلل بينايات ، دراسه تحليليه، بغداد ، جامعه البغداد

٦-الدمرداش، عادل ،١٩٨٢ ، الادمان مظاهره و علاجه ,الكويت ,المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب

٧-تركي، ابراهيم محمد , ٢٠٠٦، دراسات في مناهج البحث العلمي ,دار الوفاو,اسكندريه,مصر,

٨-جوده ، ظاهر كلالده و محفوظ ,١٩٩٧ ، أساليب البحث العلمي في ميدان العلوم الاداريه ، دار زهرا ، عمان

٩-صعب، حمد مزعي، ٢٠١٥ ،جرائم المخدرات، بريوت، منشورات زين االحقوقيه.فهمي.

١٠-شارلووت سیمۆر-شمیث ,٢٠٠٥ ، موسوعه علم الانسان (المفاهيم والمصطلحات الانثروبولوجيه): ترجمه والاحرون، مركزالقومى للترجمه، القاهره.

١١-محمد سيد ,٢٠٠٧ ، العولمه والشباب من منظور اجتماعي, دار الوفاو لدنيا الطباعه والنشر.

١٢-نيازى ، محمد ، عبدالمجيد بن طاش ,٢٠٠٠ ،مصطلحات و مفاهيم انجليزيه في الخدمه الاجتماعيه ،مكتبه العبيكان ،الرياض


### سەرچاوە فارسیەکان


١-ابادینسکی، هووارد ,١٣٨٢ ،جامعه شناسی مواد مخدر، مترجم محمد علی زکریایی. تهران: نشر دبیرخانه ستاد مبارزه با مواد مخدر

٢-احمدی، حبیب , ١٣٧٧ .،نظریەهای انحرافات اجتماعی، شیراز: انتشارات راز:

٣-احمدی ، د. سید احمد ,١٣٨٣ ، روانشناسی نوجوانان و جوانان، چ ١١، اصفهان، انتشارات مشعل

٤-بیگی، جمال ,١٣٨٤ ، «بهره برداری از اطفال در جرایم مواد مخده ر» ماهنامه دادرسی، سال نهم، شماره ٥٢، مهر و ابان

٥- بهرامی ، هادی ,٢٠٠٤ ، اعتیادو فرایند پیشگیری، چ١،تهران ، انتشارات سمت

٦-حسینیان،ارش , ١٣٩١ ،ماری جوانا –کندوکاری دریافته های علمی ، ویرایش دوم، نشر اینترنتی پاد

٧-خالد کریمی و همکاران،١٣٩٩ ، تجربه زیستەی سوو مصرف مواد مخدر درمیان جوانان، فصلنامه علمی فرهنگ و هنر، ص ٣٣-٥٨، تابستان

٨-فلیک، اووه،١٣٨٨ ، درامدی بر تحقیق کیفی، ترجمەهادی جلیلی، چاپ دووم، تهران: نشرانی
٩-شفرز،برنهارد،١٣٩٠ ، مبانی جامعەشناسی جوانان، ترجمه کرامت الله راسخ، نشرنی،چاپ هفتم ، تهران.
١٠-دانش، تاج زمان ، ١٣٨٤، مجرم کیست؟ جرم شناسی چیست؟ ض ١٠، تهران ، انتشارات کیهان،
١١- ربانی، رسول ،١٣٨٣، جامعه شناسی جوانان،انتشارات اوای نور، چاپ دوم، تهران

١٢-کلمن،ورنان،١٣٨٢ش ،اعتیادچیست؟معتاد کیست،ترجمه :علیرضا میرفخرایی ،چاپ چوارەم، انتشارات واحدی.
١٣-لیتری، دن جی.سیرزر، مولیه.پیرسون،هلن والشتاین، ١٣٨٤ ،نظریەهای سوو مصرف مواد مخدر. ترجمه محمد رضایی. تهران: انتشارات جامعه و فرهنگ.
١٤-مبارکی ،محمد ،١٣٨٨ ،بررسی رابطه بین سرمایه اجتماعی وجرمه ،پایان نامەی کارشناسی ارشد شهید بهشتی دانشگاه تهران.
١٥-محسنی، رضا،١٣٦٨ ، اعتیاد جوانان، فرایندها و راهکارهای پیشگیری، نشریەی فرهیختگان، شماره ی ٤٧.
١٦-محمدی، دکتر عباس، ١٣٨٥ ، بزهکاری نوجوانان و نظریەهای انحراف اجتماعی،نشر علم،تهران.

**سێیەم:نامەی ماستەر و دوکتورا**

١-کریم ،لقمان صالح، ٢٠٠٩ ، هۆکارو جێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی خراپ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای سلێمانی ئەنجام دراوە بە مەبەستی بە دەست هێنانی پلەی ماستەرنامە زانکۆی سلیمانی ،بلاو نەکراوەتەوە
٢-الرکابي، المیاو یاسین،٢٠١١، اسباب تعاطی المواد المخدرة لدی طلبة المرحلة الاعدادیة دراسة مەیدانیة ، الجامعة المستنصریة ،کلیة التربیة ، مجلة العلوم النفسیة، العد ١٩، البغداد
٣-الهویش، یوسف بن محمد، ٢٠١٧، اسباب انتشارات ظاهرة تعاطی المخدرات بین الشباب و اثارها، المجلة العربیة للدراسات الامنیة، المجلە٣٣، العدد٧٠، الریاض
٤- صالح، محمد، ١٣٩٠، بررسی علل گرایش جوانان به مصرف مواد مخدر در شهرستان بهشهر، فصلنامه روانشناسی تربیتی ، دانشگاه ازاده اسلامی واحد تنکابن ، سال دوم ، شماره چهارم ، زمستان ، تهران

**چوارەم / سایت الکترونی**

١-یاسای پەرلەمانی کوردستان، رۆژنامەی (وقائع)، یاسای وەزارتی وەرزش ولاوان www.kurdistan-parliament.org// ساڵی ٢٠١١- ٢٠٢٠\٩\١٥
٢- یاسای پەرلەمانی کوردستان، رۆژنامەی (وقائع)، یاسای بەرنگار بوونەوەی ماددە هۆشبەر وکارتێکارە عەقڵییەکان ،www.kurdistan-parliament.org// ساڵی ٢٠٢٠- ٢٠٢١\٦\١١

**پێنجەم/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

1-Brissing, Peter, Farrow. JA , 1990, a new look at gender difference in drinking and driving in flunkies experiences and attitudes among new among new adolescent.
2- Dan J. Lettieri, Ph.D. Mollie Sayers Helen Wallenstein Pearson, 1980,THEORIES ON DRUG Abu, seselected Contemporary Perspectives NIDA Research Monograph
3- Parsons Talcott,1175, "certam primary sources and patterns of aggression in the social structure of thewestern world"in essages in sociological theoty. Revised edition.
4- Report of the International Narcotics Control Board for 2021 UNITED NATIONS "INCB" New Yor